# لەبڕیارێکی مێژوویی وبەزۆرینەی دەنگ:
# پەرلەمانی کەنەدا دان بە کێبێك دا دەنێت وەك نەتەوەیەکی سەربەخۆ لەچوارچێوەی کەنەدا دا.

**نورەدین وەیسی**

**پاش ئەوەی هەفتەی پێشوو سەرەك وەزیرانی کەنەدا ستیفن هارپەر لەلێدوانێکی سەرنجڕاکێشدا گوتی کێبێك نەتەوەیەکی سەربەخۆیە لەچوارچێوەی کەنەدا پێشنیازێکیشی خستە بەردەم پەرلەمان بۆ ئەوەی بەفەرمی بڕیارێك لەمبارەیەوە دەربکات، ئەوەبوو ئێوارەی** 27/11/2006 **پەرلەمانی فیدرالی کەنەدا لە بڕیارێکی مێژوویی وبە زۆرینەی دەنگ دانی بەوەدا نا کێبێك نەتەوەیەکی سەربەخۆیە لەچوارچێوەی کەنەدادا، چاودێران پێیان وایە دەرچوونی ئەم بڕیارە کەبە پێشنیازی سەرەك وەزیران بوو کەسەرۆکی پارتی پارێزگارانیشە بۆئەوەیە بەرە لەژێرپێی پارتە سەربەخۆییخوازەکانی کێبێك بەتایبەتیش Parti Québécois رابکێشێت بەتایبەتیش چونکە بە پێی هەندێ ژێدەری رۆژنامەوانی هەستی جیابوونەوە لە نێو خەڵکی کیبێك ئێستا لە هەموو کاتێك بەرزترە.**

**هێژای باسکردنە کیبێك** Québec **تاکە هەرێمی کەنەدایەکە زۆرینەی دانیشتوانەکانی فەرەنسی زمانی یەکەمیانەو خۆشیان بەنەتەوەیەکی سەربەخۆ دەزانن وتا ئێستاش دووجار گشتپرسی بۆ جیابوونەوە لەکەنەدا کراوە یەکەمیان لەساڵی** 1980 **لە نجامدا** 59.56% **لەگەڵ مانەوە لەچوارچێوەی کەنەدا بوون و** 40.44% **دەنگیان بۆ سەربەخۆییدا، لەدواترین ریفرەندەمیشدا کەساڵی** 1995 **ئە نجامدرا** 50.58% **نا بۆ جیابووەنەوەو** 49.42% **بەبەڵی بۆ سەربەخۆیی دەنگیاندا.**

**داننانی پەرلەمانی کەنەدا بە کیبێك وەك نەتەوەیەکی سەربەخۆ ئێستا مشتومڕێکی گەرمی لەسەرە لەنێوخۆی کەنەداو تەنانەت بەهۆی ئەم بڕیارەشەوە وەزیری کاروبارەنێوخۆییەکانی حکومەت** Michael Chong **کەسەربە پارتی سەرەك وەزیرانیشە وەك نارەزاییەك بەرامبەر بەو بڕیارە ی پەرلەمان دەستی لەکار کێشایەوە.**



**سەرەك وەزیرانی کەنەدا لەهۆڵی پەرلەمان لەکاتی دەنگدان بە بڕیارەکە**